# فەلسەفەی وجوودی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان و شەڕی تایبەت دژی بوونی

## بەشی یەکەم

## بابەتێک سەبارەت بە سیانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان



محەممەد خۆشچێهرە

پێشەکی

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠ی مانگی ٥ی ٢٠٠٥ی زایینی بەرامبەر بە ٣٠ی گوڵانی ١٣٨٤ی هەتاوی دامەزراوە و وەک حیزبێکی سیاسی کار و چالاکییەکانی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی دیموکراتیک بە درووشمی دامەزراندنی کۆماری فیدراڵ دیموکراتیکی ئێران و کوردستانێکی ئازاد تەرخان کردووە، یەکێتیی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی سیاسیە کە ئەندامانی سەرکردایەتی و دامەزرێنەرانی لە پ ک ک جودابوونەوە و داوتر لە نێزیکی سلێمانی گیرسانەوە و دەستیان دایە خەباتێکی سیاسی جیاواز لە هەموو بوارەکانی ڕێکخستنی و سیاسی و فیکری و لەو چوارچێوەشدا پەرەیان بە پەیوەندی دۆستایەتی لە گەڵ زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان داوە.

یەکێتیی دیموکراتیکی کوردستان لە ڕووی بابەتی و لە بواری سیاسی و هزری، هێزێکی نوێ و سەردەمیانەیە کە لە سەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیست و یەکەم و دۆخی ژئۆپۆلیتیکی ناوچەکە و هاوکێشە سیاسییە نوێکانی سەدەی نوێ خۆی ڕێکخستووە کە بەستێنێکی جیاواز لە هێز و حیزبە کلاسیک و کۆنەکانی کوردستان، دەرفەتی داوە بە درووست بوونی هێز و حیزبی نوێ و لە سەر چەندین بەستێنی بابەتی، یەکێتیی دیموکراتیکی کوردستان دامەزراوە کە پاڵپشت و یارمەتیدەری هێز و لایەنە سیاسیەکانی تری ئامادە لە سەر گۆڕەپانی کوردستان و ئێران بێت و بەشێک لە بۆشاییەکانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خەبات و تێکۆشانی نوێ پڕ بکاتەوە و بتوانێت کە بە بەرنامەی جیاواز و بە هزر و ئەندێشەی نوێوە، مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکات. بۆ دەستەبەر کردنی مافی گەلی کورد لە ئێران، فەلسەفەیەکی وجوودی بۆ یەکێتیی دیموکراتی کوردستان بوونی هەیە کە لە سەر ئەو فەلسەفەیە دەیەوێت مافە گەردوونیەکانی مرۆڤ و مافە سرووشتی و ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ئێران و لە ناوچەکە دەستەبەر بکرێت و لە هەمانکاتیشدا دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە ببێت بە کلتووری گشتی بۆ دابین کردنی مافی ڕەوای هەموو گەلان و نەتەوەکان تایبەت گالان و نەتەوەکانی ئێران.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت بە کورتی چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان بخەینە ڕوو کە لە سیانزەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی داین و پێویست دەکات کە بەستێن و فەلسەفەی وجوودیی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان و باوەڕە سیاسی و ئامانجە ستراتیژیکییەکانی ڕوون بکرێتەوە و لە بەشێکی تریشیدا هەوڵ دەدرێت کە ئەو شەڕە تایبەت و چەواشەکاری و دوژمنکارانەیەی کە هەندێک جار ڕوو لە یەکێتیی دیموکراتیک دەکەن، ڕوون بکرێتەوە کە ئامانج و مەرامی پشتی ئەو شەڕە تایبەت و خەڵەتاندنە ستراتیژیکیە کە دژی یەکێتیی دیموکراتیک دەکرێت چیە و لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت.

### بەستێنی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

لە سەر درووستبوون و دامەزراندن و هەڵگیرساندنی هەر ڕەوت، لایەن، حیزب، گرووپ یان بزووتنەوەیەکی سیاسی، پێویست دەکات کە لە چەند ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لێی بڕوانرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە پێویستیی دامەزراندن یان هەڵگیرساندن و بەرپا کردنی لە چیدایە؟ ئەو بەستێنانەی کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی سیاسی یان دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی چین؟ یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لە سەر کام بەستێن و لە چ دۆخێکدا درووست بووە و بۆ دامەزراوە؟ بۆ دۆزینەوەی ئەو وڵامانەش لە ڕەهەندەکانی وەک پێویستی مێژوویی، سیاسی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و کلتووری، حەوزی چالاکی و پانتایی خەبات و جۆری خەبات و چالاکییەکانی و هەروەها گۆڕانکاریی زەمەنی و دەرکەوتەکانی و داخوازییە سەردەمیەکان و پێویستیی هەبوونی وڵام بۆ ڕووداوە هەنووکەییەکان و هەبوونی ڕوانگەی ڕوون بەرەو داهاتوو و دووربینی، لە جیهانبینییەکی فراوانتردا هەبوونی ئایدئۆلۆژیای جیهانگیر و گشتگیر دا دەتوانین ورد ببینەوە و وڵامەکان دەست بخەین،

یەکێتیی دیموکراتیکی کوردستان لە ڕووی بابەتی و لە بواری سیاسی و هزری، هێزێکی نوێ و سەردەمیانەیە کە لە سەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیست و یەکەم و دۆخی ژئۆپۆلیتیکی ناوچەکە و هاوکێشە سیاسییە نوێکانی سەدەی نوێ خۆی ڕێکخستووە

ورد بوونەوە لە بزووتنەوە، حزب و ڕەوتە سیاسییەکان و خوێندنەوەی فەلسەفەی وجوودیان و زانینی پێویستیی زەمەنی و مێژوویی درووستبوونیان، ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و ئایدیایان، چوونکوو هەر بزوووتنەوە یان حیزبێکی سیاسی کە درووست دەبێت، کۆمەڵێک هۆکاری خۆی هەیە کە دەست دەدەنە یەک و بەستێنێکی لەبار یان بەستێنێکی پێویست درووست دەکەن کە دەبێتە هۆ و پاڵنەر بۆ ڕاگەیاندن و دامەزراندنیان. لەم بابەتدا هەوڵ دەدرێت کە بە شێوەیەکی کورت تیشک بخرێتە سەر هۆی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان کە ماوەی سیانزە ساڵە بەردەوامە لە کار و چالاکییەکانی و لە ماوەی ئەو چەندساڵە کورتەدا توانیوویەتی چەندین قۆناغی گرینگی سیاسی تێپەڕێنێت و وەک هێزێکی سیاسی، خاوەن ناسنامەی خۆی بێت.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، لە بەرواری ٢٠ی مەی ٢٠٠٥ی زایینی ( ٣٠ی گولانی ١٣٨٤ی هەتاوی) دوای یەکەمین کۆنگرە، بە فەرمی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند کە هێزێکی نوێی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و کار و خەبات و چالاکییەکانی تایبەت دەبێت بە کوردستان لە ئێران و هەوڵدەدات کە بە شێوەیەکی نوێ و هاوتەریب و هاوکار لە گەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مافی نەتەوەی کورد لە ئێران بە شێوازێکی دیموکراتیکانە و سەردەمیانە دەستەبەر بکرێت و ئامانجی کار و خەباتی سیاسیی لە چوارچێوەی دیموکراتیزە کردنی دەسەڵاتی سیاسی و بە کلتوور کردنی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا پێناسە کردووە کە لە ڕێگای دیموکراتیزە کردنی دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕینی کلتووری ستەمکاری و نکۆڵی و سەپاندن لە ناوکی دەسەڵاتی سیاسی و هزری تاکی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی ببرێتە سەر سرووشتی فرەچەشنی و فرەنەتەوەیی خۆی کە تایبەتمەندیی وڵاتێکی وەک ئێرانە کە لە چەندین نەتەوە و گەلی جیاوز پێکهاتووە، بەڵام لە دوو سەدەی ڕابردوودا لە ئاستی بالای دەسەڵاتی سیاسی ئێران، بە شێوەیەکی ناسرووشتی هەوڵی یەکشوناس و یەکزمان و یەککلتوور کردنی ئەو فرە ڕەنگی وستراکتۆرە مووزائیکیەی ئێران دەدرێت و بە چاندنی تۆوی ستەمکاری و نکۆڵی لێکردن و سەپاندن و گۆڕینی بە زۆر و سیستماتیک بە پشتوانەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی، قۆناغەکانی سڕینەوەی ئەو فرەڕەنگییەی کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار.

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، لە بەرواری ٢٠ی مەی ٢٠٠٥ی زایینی ( ٣٠ی گولانی ١٣٨٤ی هەتاوی) دوای یەکەمین کۆنگرە، بە فەرمی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند کە هێزێکی نوێی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

نەتەنیا سرووشتی پێکهاتەی نەتەوەیی ئێران لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە تێکدراوە بەڵکوو چەندین مەترسیی گەورەتریش بەرۆکی کۆی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتووەتەوە کە کێشەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە ڕەگەزییەکان و مافی ژنان و پیاوان و گەنجان، وەک کێشە مرۆییەکانی ئەوە وڵاتە لە خراپترین دۆخی خۆیاندان، لە هەمانکاتدا کێشەیەکی گەورەتر کە نە تەنیا ئێران بەڵکوو وڵاتانی تری ناوچەکەش گیرۆدەی خۆی دەکات، تێکدانی ژینگە و نەپاراستنی ژینگەی ئێرانە کە تەناهی و هێمنیی تەوای ئێران و نەتەوەکانی ناوچەکەی خستووەتە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە و لە ئێستادا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بۆ خۆی گیرۆدەی بڕیارە هەڵەکانییەتی لە سەر ژینگە کە کاریگەریی نەرێنیی سیاسەتە چەوتەکانی لە سەر گلدانەوەی ئاو و بەستنی سەد و بەنداوەکان و گوازتنەوەی ئاوی ڕووبارەکان دیارترین کارە هەڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانە کە هەر لە ئێستاوە کێشە ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی لێ بەرز بووەتەوە.

گرینگترین بابەتێک کە بووەتە هۆی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، گۆڕانکاری لە کلتوور و سیاسەتی جیهانە کە لە سەدەی بیست و یەکدا بە شێوەیەکی نوێ و بە کۆمەڵێک کەرەستە و تەکنۆلۆژیای نوێ و شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیاوە، ئەو گۆڕانکارییانە هەموو وڵاتانی جیهانی گرتووەتەوە و ئێران و کوردستانیش لە بن کاریگەریی ئەو گۆڕانکاریەن و دۆخی سیاسەت و کلتووری کوردستان و ئێرانیش لە بن کاریگەریی ئەو گۆڕانە سەردەمییەی جیهان، ناچار بە خۆگونجاندن و ڕێکخستنەوەی نوێ بە فیکر و هزری نوێوە هەیە. بە واتایەکی تر دەبێ بوترێت کە سەدەی بیست و یەک بەستێنێکی نوێی سیاسەتکردنی هێناوەتە ئاراوە کە جۆرە جووڵە سیاسی و ڕوانگە و ئایدیای سەدەکانی پێشووتری بێکاریگەر و بێ واتا کردووە و پێویستیی زەمەنی و مێژووییەکی نوێ بۆ دامەزراندنی هێزی نوێ و حزب و جووڵانەوەی نوێ هێناوەتە پێشەوە و یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئەم بنەمایە، وەک پێویستیی زەمەنی و مێژوویی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران چاوی هەڵهێناوە و هاتووەتە نێو گۆڕەپانی سیاسی، کە بە هزر و ئایدیای سەردەمیانە و بە دوور لە کێشمەکێشی سیاسی و کلتووری دوو جەمسەریی جیهانی...

درێژەی لە ٤